# ڕۆڵی شارەزوور و شارەزوورییەکان لە قۆناغی پێش و پاش شاڵاوی مەغۆل (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکارییە لەبواری کۆمەڵایەتی، ئابوری و زانستی)

**سەنگەر عبداللە رسول [١]، حسین عبدالرحمان حسین [٢]، طه رجب حمد [٣]**

[١،٢،٣] بەشی مێژوو ،کۆلێژی زانستەمرۆڤاتییەکان، زانکۆی ڕاپەرین،ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: sangar.history@uor.edu.krd

## پووختە

لە باسی یەکەمی توێژینەوەکەدا ئاماژە کراوە بە پێگەی جوگرافی شارەزوور و ڕۆلی ناوچەکە وەك خاڵێکی گرنگ کە بوونەتە هۆی ئەوەی جێگەی بایەخی دەسەڵاتی ناوەند بێت لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیدا. هەروەها لایەنی کۆمەڵایەتی شارەزوور خراوەتەڕوو، باس لەو گۆڕانکاریانەش کراوە کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام هاتووەتە ئارا. لە گۆشەیەکی دیکەی ئەم باسەدا لایەنی زانستی شارەزوور ئاماژەی پێدراوە.

لە باسی دووەمی لێکۆڵینەوەکە لە قوڵایی سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئەو سەردەمە مێژووییە بەدوای لێکەوتە ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانستییەکانی دوای شاڵاوی مەغولدا دیڤچوونمان کردووە، بەتایبەت داڕوخانی لایەنی ئابووری و ئاوەرەبوونی خەڵك و چۆڵبوونی ئەم ناوچەیە. لەپاڵیدا گۆڕانکاری شێوە ژیانی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی ڕۆڵی شارەزوورییەکان لەبواری زانستی و ڕۆشنبیریدا خراوەتە ڕوو. لەو هۆکارانەمان کۆڵیوەتەوە کە بۆچی شارەزوورییەکان لە ساتی ئاوەرەبوون و کۆچککردنیانەوە، پێگە و ڕۆڵی زانستیان زیاتر دەردەکەوێت بە بەراورد بە بەر شاڵاوی مەغول. لە کۆتاییدا شارەزوور وەکو جوگرافیا و شارەزوورییەکان وەکو کەسایەتی لەو دوو ماوە مێژووییەدا بەراورد دەکەین.

## الملخص

إنّ هذه الدراسة تُعنى بمنطقة شهرزور، وهي تتكون من مبحثين: يحتوي المبحث الأول على الإشارة إلى الموضع الجغرافي لمنطقة شهرزور ودور هذه المنطقة في الأحداث المحيطة بها، ممّا جعل هذه المنطقة موضع اهتمام للسلطة المركزية في عهد الخلافة العباسيّة، إلى جانب ذلك تمّ الحديث عن الجوانب الاجتماعية لسهل شهرزور وعرض الركائز الأساسية التي كانت يقوم عليها المجتمع، ولم يخلُ هذا المبحث من بسط الكلام عن التغييرات التي طرأت على المنطقة نتيجة انتشار الدين الإسلامي فيها، والإشارة إلى الجوانب العلمية لمنطقة شهرزور واهتمام الناس بالعلم في تلك الحقبة.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٩/٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٩/٢٧ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | sangar.history@uor.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٠ م.ی. سەنگەر عبداللە رسول، م.ی.حسین عبدالرحمان حسین، م.ی.طه رجب حمد،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

أمّا المبحث الثاني فقد قمتُ فيه بالتنقيب في عمق المصادر التاريخية المعتمدة عن الآثار الاقتصادية والاجتماعية والعلمية لهجمات المغول على المنطقة بأسرها، لا سيّما انهيار المقومات الاقتصادية ونزوح الناس من منازلهم وتجريد المنطقة من السكان، مع توضيح تغيير نمط حياة المجتمع وظهور دور أهل المنطقة في المجالات العلمية والثقافية، ومن خلال هذه الدراسة، وهذا المبحث بالذات، نبحث عن الأسباب التي تكمن وراء احتفاظ أهل شهرزور بأدوارهم ومكانتهم العلمية أثناء نزوحهم وتعرضهم للهجرة القسرية، مقارنة بالوقت الذي تعرضوا فيه لحملات المغوليين.

وفي الختام نقوم بالمقارنة بين منطقة شهرزور من الناحية الجغرافية، وبين سكان المنطقة من الناحية المعنوية كشخصية ذات مكانة مرموقة، خلال تلك الحقبتين التاريخيتين.المعنوية كشخصية ذات مكانة مرموقة، خلال تلك الحقبتين التاريخيتين.

## Abstract

This study is concerned with the Shahrazur region, and it consists of two topics: The first section contains reference to the geographical location of the Shahrazor region and the role of this region in the events surrounding it, which made this area a subject of interest for the central authority during the era of the Abbasid Caliphate, in addition to that, aspects were discussed. The social aspects of Sahl Shahrazor and the presentation of the basic pillars on which the society was based, and this study was not without shortcomings about the changes that occurred in the region as a result of the spread of the Islamic religion in it, and referring to the scientific aspects of the Shahrazor region and the people's interest in science in that period.

As for the second topic, I explored in depth the historical sources based on the economic, social and scientific effects of the Mongol attacks on the entire region, especially the collapse of the economic fundamentals, the displacement of people from their homes and the demilitarization of the region, with an explanation of the changing lifestyle of the community and the emergence of the region's role in scientific fields And through this study, and this topic in particular, we are looking for the reasons that lie behind the people of Sharazur retaining their scientific roles and standing during their displacement and being subjected to forced migration, compared to the time when they were exposed to the Mongolian campaigns.

In conclusion, we make a comparison between the Shahrazor region in terms of geography, and with the region's population in terms of the moral as a prominent figure during those two historical periods.

## پێشەکی

شارەزوور ناوچەیەکی گرنگ و جێگەی بایەخی بەشی زۆری هێز و دەسەڵاتەکانی سەردەمی ئیسلامی بووە، بۆیە بەردەوام بووەتە چەقی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکان. لە نێو ئەم دۆخەشدا، خەڵکەکەی ڕۆڵێکی کارایان لە کایەی ڕۆشنبیری و بنیاتنانی شارستانییەتی ئیسلامی بینیووە.

ئەم توێژینەوە لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی شارەزوور و شارەزوورییەکان لە قۆناغی پێش و پاش شاڵاوی مەغۆل- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکارییە لەبواری کۆمەڵایەتی، ئابوری و زانستیدا) دیاریکراوە، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە پەیوەستە بە نەبوونی توێژینەوەی بەراوردکاری مێژوویی لەو سەردەمە مێژووییە. گرنگی توێژینەوەکە لێرەوە دەردەکەوێت کە بەدوای هۆکاری جیاوازی و ئەنجامەکانی ئەو دوو سەردەمە مێژووییە گەنگەشە کراوە، بە ئامانجی ئەوەی بتوانین چەند زانیاریەکی کەم بخەینە پاڵ زانیارییەکانی مێژووی ئەم ناوچەیە. هەروەها مەبەستمانە پەنجەرەیەکی بچووک بۆ لێکۆڵینەوەی دیکە بۆ توێژەران بکەینەوە لە ڕێگەی شۆڕبوونەوە بە ناخی سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئەو سەردەمە و

وروژاندنی چەند پرسیارێك.

هەر لە ناونیشانی توێژینەوەکەش دەردەکەوێت کە میتۆدی بەراوردکاری میتۆدی باو و دیار دەبێت، بەڵام بە ئامانجی گەیشتن بە بۆچوونی ڕاستر و پەسندتر پەنا بۆ میتۆدی شیکردنەوە و جار جارەش گێڕانەوە دەبەین.

بەهۆی ناڕوونی و لێڵی لە مێژووی شارەزوور و ڕۆڵی شارەزوورییەکان لە هەندیك قۆناغ و سەردەمدا لەلایەك، نەبوونی توێژینەوەی بەراوردکاری لەو ماوە مێژووییە لەلایەکی دیکەوە، سەرنجی ئێمەی ڕاکێشاوە بۆ نووسینی توێژینەوەیەك لەژێر ئەم ناونیشانە. ئاشکرایە کە توێژەران و لێکۆڵەرانی کورد، چەندین نامە و تێزی زانستی و توێژینەوەی پڕبایەخیان لەسەر شارەزوور نووسیووە. بەڵام نەبوونی توێژینەوەی بەراوردکاری هاوشێوە، سەرنج و ئەندێشەی ئێمە خستە سەر بەراوردکاری دوو قۆناغ و سەردەمی جیاوازی مێژووی شارەزوور. ئامانجی سەرەکی و کۆتایی توێژینەوەکەش خزمەتکردنە بە مێژووی ئەم ناوچە پڕ لەچالاکییە.

لێکۆڵینەوەکە پێکدێت لە پێشەکی، دەروازەیەك، سێ باسی سەرەکی، دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان. لە دەروازەی توێژینەوەکەدا ئاماژە دراوە بە پێگە و گرنگی هەڵکەوتەی جوگرافی و دەوڵەندی لەڕووە ئابورییەکەیەوە. لەباسی یەکەمدا ئاماژەکراوە بۆ شێوە و ڕەوشی کۆمەڵایەتی شارەزوور و ڕەوشی کۆمەڵایەتی شارەزوورییەکان لە قۆناغی بەر لە شاڵاوی مەغۆل و دوای شاڵاوی مەغۆل. لەباسی دووەمدا دۆخ و ڕەوشی ئابوری شارەزوور و خەڵکەکەی لە هەردوو قۆناغەکە خراوەتە بەرباس. لەباسی سێیەم و کۆتایشدا ئاماژەدراوە بە هۆکار و جودایی ڕەوشی زانستی شارەزوورییەکاندا لە قۆناغی یەکەم بەبەراورد لەگەڵ قۆناغی ئاوەربوون و کۆچکردنیان

دەروازە: پێگە و گرنگی ناوچەی شارەزوور

شارەزوور وەکو هەڵکەوتەی جوگرافی هەر لەسەردەمی ساسانیەکانەوە تاکو داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن مەغۆلەکانەوە پێگەیەکی گرنگی هەبووە. بەبەڵگەی ئەوەی کاتێک پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی هەرێمەکانی(عێراق و فارس)ی گرتۆتەوە، یەکەمین بەریەککەوتنی سوپای ساسانی و ئیسلامی لە ناوچەی شارەزوور ڕوویداوە ( البلاذری، ١٩٨٨م، ل٣٢٥). کە بەدیدی ئێمە دەشێت هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناوچەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئیسلامی لە لایەن ساسانیەکانەوە، بگەڕێتەوە بۆ سەختی شاخاوی دەوروبەری ناوچەی شارەزوور (العمری ، ج٥، ١٤٢٣ه، ص١٦٧)، ڕەنگە ساسانیەکان بیریان لەوەکردبێتەوە، عەرەبەکان لە شەڕکردن لە ناوچەی شاخاوی کەمتر شارەزان، بەوەی ئەوان خەڵکی بیابان و دەشتن، دەتواندرێت لاوازیی ئەوان، لە هونەری شەڕکردنی ناچەی سەخت بۆ سەرکەوتن بەسەریاندا بە ئاسانی بە دەرفەت وەربگیرێت.

دوای فەتحکردنی ناوچەکە و سەرهەڵدانی ناکۆکی کاربەدەستانی نێو سوپای ئیسلام لە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدین ( الأسدی، ١٩٩٣م، ل١٠٧-١٨١)، کە بووە مایەی سەرهەڵدانی گروپە خەوارجیەکان و گەشەکردنیان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئومەویدا ( خلیفة بن خیاط، ١٣٩٧ه، ل٢٥٦ ،٢٥٣)، بەمەش بە یەکدادانی سەربازی لە نێوان ئەم بزووتنەوانە و خیلافەت بەرەبەرە زیاتر بووە، بەو هۆیەشەوە ناوچەی شارەزوور وەک ناوەندی مانەوە و هێرشکردنە سەر خیلافەت لە لایەن هێزە خەواریجەکانەوە هەڵبژێردراوە ( محی الدین،٢٠٠٧، ل٢٢١-٢٦٩). هەڵبژاردنی شارەزوور لە لایەن ئەم هێزانە دەگەڕێتەوە بۆ سەختی شارەزوور کە دەوروبەرەکەی ناوچەی شاخاویە(الاصطخری، ٢٠٠٤، ل٢٠٠، ٢٠٢)، کە ئەم هێزانە لە کاتی بوونی مەترسی لەسەریان توانیویانە خۆیان دەربازی ئەم ناوچانە بکەن، کە هیچ هێزێک نەتوانێت زیانیان پێ بگەیێنێت. لەماوەی خیلافەتی عەباسیشدا شارەزوور ناوچەیەکی گرنگ و پڕ بایەخ بووە، بە بەڵگەی ئەوەی دەسەڵاتی خیلافەت هەوڵی داوە ناوچەکە لەڕێگەی کاربەدەستانی خۆیانەوە دەست بەسەردا بگرن و لە ژێر هەیمەنەی خیلافەتدا بێت( إبن الاثیر،١٩٩٧م، ج٦، ل٦٦٦). بەڵام بە هۆی بەریەککەوتنی خەڵکی شارەزوور و دەسەڵاتدارانی خیلافەتی عەباسی ناوچەکە سەقامگیر نەبووە، چونکە شارەزوورییەکان لە دەسەڵاتدارانی خیلافەت هەڵگەڕانەوە و بۆ ماوەی بیست ساڵ (٢٩٧-٣١٧ک/ ٩١٠_ ٩٢٩ز)، شارزوور و شارەزوورییەکان دوور لە دەسەڵاتی خیلافەت ژیان و هیچ باجێکیان بۆ بەغدا نەناردووە ( الهمذانی، ١٩٥٨م، ل٦٣).

لێرەوە ئەو بۆچوونە زیاتر دەچەسپێت کە شارەزوور وەك ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژی و دەوڵەمەند، هەمیشە جێگەی جاوتێبڕین و ناوچەی ململانێی هێزە ناکۆکەکان بووە لەو سەردەمەدا.

## باسی یەکەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەی شارەزوور و ڕەوشی کۆمەڵایەتی شارەزووریەکان

شارەزوور ناوچەیەکی فراوانبووە لە هەرێمی چیا، کەوتووەتە نێوان هەولێر و هەمەدان، سەرجەم دانیشتوانەکەی بە کورد هەژمارکراون ( صفی الدین، ١٤١٢هـ، ج٢، ل٨٢٢). لەوسەردەمەدا هۆزە کوردیەکان زیاتر خەریکی ئاژەڵداری و بەشێکیشیان بەکاری کشتوکاڵکردن سەرقاڵبوون ( یاقوت الحموی، ١٩٩٥م، ج٣، ل٢٩٧؛ دەشتی، ٢٠١٥، ل١٢١) ناوچەیەکی دەوڵەمەندبووە بە لەوەڕگا و سەرچاوەی ئاوی، بۆیە گونجاوبووە بۆ بەخێوکردنی مەڕومالات. هۆزە کوردیەکانی ناوچەکە لەژیانی کۆچەری دابوون و بۆ ئاژەڵەکانیان بە دوای لەوەڕگا و ئاوداگەڕاون ( تۆفیق،٢٠١٣، ل٥٧). لەو لاوەش هەندێکی تریان بە هۆی سەرقاڵ بوونیان بە کشتوکاڵ کردن لە ناوچەکانیان جێگیر بوون (مهلهل، دون سنة، ل٥٧-٥٨).

ژیانی کشتوکاڵ و شوانکارەیی ئەوکاتە، لەسەر کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی هۆز و خێڵ وەستاوە، کە لەو چوارچێوەیەدا، سەرۆکی خێڵ کاروباری خێڵەکەی بەڕێوە بردووە، ئەندامانی خێڵەکەش لە ژێر فەرمان و هەژموونی ئەودا بوون و بەرگریان لە بەرژەوەندیەکانی هۆز و خێڵ کردووە، ئەمەش زیاتر خۆی لە پاراستنی لەوەڕگاکان بینیووەتەوە. لەپاڵ شوانکاری و کشتوکاڵیدا ژمارەیەکی کەم لە دەوڵەمەند و پارەدارەکان خەریکی کاری بازرگانی سنورداربوون، ئەمانە تارادەیەکی زۆر شێوە ژیانیان بە ئاشتی بووە و لە ژیانی کەسانی تر جیاواز بووە ( نەقشبەندی، ٢٠٠٨، ل٤٢٣-٤٣٥).

هۆزە کوردیەکان بەوە ناسرابوون، ڕێز لە میوان دەگرن و خزمەتیان دەکەن، وەك لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە میواندۆستی کوردانی شارەزوور کراوە، لەوانەش: (کاتێک أبو سعید الخوارزمی لە ساڵی(٢٩٠ك/٩٠٣ز)، دوای ئەوەی لەگەڵ خیلافەتی عەباسی پەیوەندی ئاڵۆز دەبێت، ڕوو دەکاتە موصل و لەوێش دەچێتە شارەزوور و لە لایەن کوردێکی شارەزوور بەناوی (إبن أبی الربیع الکردی)، پێشوازی لێ دەکرێت و دەپارێزرێت ( الطبری، ١٤٠٧هـ، ج٥، ل٦٤٤،٦٤٧) ؛ إبن الاثیر، ج٦، ١٩٩٧، ل٥٣٦).

لە دوای هاتنی سوپای ئیسلام بۆ شارەزوور، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی هەندێک لە عەرەبەکان لە و ناوچەیە نشتەجێبوون، لەوانەش(بنو شیبان)، کە لە تیرەکانی هۆزی (بکری بن وائیل) بوون( مسكوية، ٢٠٠٠م، ج٦، ل٤٤٧-٤٤٨؛ إبن الاثیر، ١٩٩٧، ج٤، ل٦٠١).

بەشێوەیکی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی شارەزووریەکان ئارام نەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی لە لایەک سروشتی ژیانی هۆز و خێڵەکانی ئەوکاتە، لەسەر شەڕ و بەرگری لە پێناوی لەوڕگاکان وەستابوو، لە لایەکی تر، بە درێژایی دەسەڵاتی خیلافەتی ئومەوی و جارجارەش عەباسی ناوچەکە لەشەڕ و ئاژاوەدا بووە ( خلیفة بن خیاط، ١٣٩٧هـ، ل٣٧٢ ؛ إبن الاثیر، ١٩٩٧، ج٥، ل٣٣٥). یاخی بوون و هەڵگەڕانەوەکە بە ڕووی نادادی هۆزو خێڵەکانی تر و والیەکان لە شارەزوور سەری هەڵداوە، هەر بۆیەش لە پێناو پاراستنی ژیانی خۆیان و دەستکەوتی سەربازی و ئابوری، بەشێک لە کوردەکانی شارەزوور لە پاڵ خەواریجەکان وەک جەنگاوەر و شەڕکەر لە دژی دەسەڵاتی ناوەند وەستاونەتەوە( الیعقوبی، ب.س.ط، ج٢، ل١٥١؛ محی الدین، ٢٠٠٧، ل٢٣٧). ئەمەش پاڵنەری ئەوە بووە، بەشێک لە مێژوونوسان حوکمی هەڕەمەکی و گشتگیر بەسەر ناوچەکەیاندا بسەپێنن و بە ئاژاوەگێری و تاڵان چێتی ناویان بێنن.

دوا بە دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی سەلجوقیەکان و بەخشینی شارەزور بە هۆز و سەرکردە تورکەکان، ڕێژەی ڕەگەزی ناکوردی لە ناوچەکەدا هەڵکشاوە، بە دیاریکراوی، لە سەردەمی ئەتابەکیەکاندا ( إبن الاثیر، ١٩٩٧، ج٩، ل١٤٤، ٤٢٤؛ مؤلف مجهول، ٢٠١٠، ل٣٤). هۆزە تورکەکان دەستیان بەسەر لەوەڕگا و کێڵگەی کوردەکان گرتووە و بەردەوام خەریکی ئاژاوە گێری و تاڵانی ناوچەکە بوون ( إبن الاثیر، د.س.ط، ل٥٧-٥٨). هەر ئەو دۆخەش بووە،کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی کوردەکانی بەرەو شەڕ و کوشتار پەلکێش کردووە، هەر لەچوارچێوەیەدا لە ساڵی(٥٨٠_٥٨١ک/١١٨٤_١١٨٥ز)، شەڕێکی خوێناوی گەورە لە نێوان هۆزە کوردیەکان و تورکمانەکانی ناوچەکەدا هەڵگیرساوە و ژمارەیەکی زۆر لە نێوان هەردولادا کوژراون ( الأصفهانی، ٢٠١٠م، ل٣٨٩؛ إبن شداد، ١٩٩٤م، ل١٢٠؛ إبن الاثیر،١٩٩٧، ج١٠، ل١١).

ئاشکرایە دوابەدوای کاولکاریەکەی مەغۆل ژمارەیەکی زۆر لە شارەزووریەکان ئاوارە و دەربەدەر بوون ( الغسانی، ١٩٧٥، ل٥٣٣)، ئاوارەبوونی هەزاران کەس لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر خەڵکی ناوچەکە دروست کردووە و بۆ هەمیشە بە ئازاری یەکترییننەوە ژیاون، چونکە پەیوەندی خزمایەتی و کۆمەڵایەتیەکانیان پچڕان (ڕەسوڵ، ٢٠١٣، ل١٣١). کوردە شارەزووریەکان کە پێش شاڵاوی مەغۆل، شوانکارە

و جوتیار بوون، لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی بەسەریان هاتووە، لە لایەک پیشەکانیان لەدەستداوە و لە لایەکی تریش لە زێدی خۆیان شێوە ژیانی کۆمەڵایەتییان ڕوو بەڕوی ناخۆشی و نەهامەتی بووەتەوە، بۆیە بە ناچاری وازیان لە ژیانی کۆچەری و شوانکارەیی هێناوە و لە بەرامبەردا لە بواری جەنگاوەری لە سوپای ئەیوبیەکان کاریان کردووە ( اليونيني، ١٩٩٢، ج٢، ل١٠٧؛ المقريزي، ١٩٩٧، ج٢، ل٣٥٦). هەندێکی تریشیان تێکەڵی شێوە ژیانی خەڵکی شام بوون و توانیویانە پێگەی خۆیان لە دام و دەزگا خزمەتگوزاری و زانستیەکاندا بکەنەوە و بەو هۆیەوە بژێوی ژیانی خۆیان فەراهەم بکەن( اليونيني، ١٩٩٢، ج٤، ل١٧٥). دوای جێگیر بوونی کوردە شارەزووریەکان لەگەل کۆمەڵگای شام، توانیویانە خۆیان بگونجێنن و ئاوێتەی ڕەگەزی ناکوردی ببن، تا کار گەیشتووەتە پەیوەندی ژن و ژنخوازی( إبن شداد، ١٩٨٣م، ل٢٣٣؛ اليونيني، ١٩٩٢م، ج٣، ل٢٤٣). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە هۆزە کوردەکانی شارەزوور، سەرباری ئەوەی ئاوارە بوون و خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە نەبوون، لە لایەن خەڵکی ناوچەکە بە چاوی ڕیز و خانەدانییەوە سەیرکراون. بەبەڵگەی ئەوەی یەکێک لە سەرکردەکانی مەملوکی ژنی لە کوردانی شارەزوور خواستووە ( إبن شداد، ١٩٨٣م، ل٢٣٣؛ اليونيني، ١٩٩٢م، ج٣، ل٢٤٣). ئەگەر ئەم بەڵگەیە بکەینە بنەما، کە سەرکردەکانی ئەو کاتە زیاتر ژن و ژنخوازیان لەگەڵ خەڵکانی خانەدان ئەنجام داوە، ئەوا بۆمان بە دیار دەکەوێت کە کوردە شارەزووریەکان لە شام خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز بوون، بە نمونە (الملك الظاهر بيبرس)ی مەملوکی هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی شارەزووری کردووە( إبن شداد، ١٩٨٣م، ل٢٣٣؛ اليونيني، ١٩٩٢م، ج٣، ل٢٤٣). لەلایەکی دیکە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان دەکەن بەهۆی کوشتاری مەغۆل لەو ناوچانەی دەستیان پێی گەیشتووە(خصباك، ١٩٦٨، ل١٦٢)، بێگومان دەستی مەغۆل گەیشتە شارەزوور ئاخۆ چەندان کەس لە خەڵکی ناوچەکە کوژرابن و سەرچاوە مێژووییەکان تۆماریان نەکردوون؟. لەلایەکی دیکە دوای جێگیربوونی دەسەڵاتی مەغۆل لە عێراق و دەرکەوتنی زمانی نوێ و سەرهەڵدانی گروپە ئاینیەکانی وەك مەسیحی و یەهودی و مەجوسی ناکۆکیان لەگەڵ مسوڵمانان (یاسین، ١٩٧٨، ل٣٧٥) کاریگەری کردۆتە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بەوەی پەیوەندیەکان لە دۆخی ئارامی چۆتە قۆناغی تێکئالان.

## باسی دووەم: دۆخی ئابوری ناوچەی شارەزوور و شارەزووریەکان

شارەزوور وەک ناوچەیەکی فراوان، کە چەندین شارۆچکە و گوندی لە خۆ گرتووە، خاوەنی ئاوێکی سازگار بووە، تەنانەت ئاوی بۆ ناوچەکانی دیکەش دابینکردووە ( ياقوت الحموي، ١٩٩٥، ج١، ل٢٥٥؛ ج٢، ل٧، ل٦٥، ٤٤١، ٥٤٤ ؛ ج٣، ل١٤٦). سەرچاوەی ئاوەکە ڕۆڵێکی کارای لەبەرهەم هێنانی کشتوکاڵدا بینیوە، بەوەی خەڵکی بە چاندنی بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان خەریکبوون و گەلێک بەرووبوومی میوەجاتیش لە ناوچەکەدا هەبووە، هەروەک سەرچاوەکان لە باسی شارەزووردا هێناویانە، ڕووبارێک بە نێوەڕاستیدا تێپەڕیووە و لە هەرچوارلاوە بە باخ دەورەدراوە ( إبن خردادبة، ١٨٨٩م، ل١٧٢). تاقگەی زەڵم سروشتێکی جوانی بە ناوچەکە بەخشیووە و بووەتە سەرچاوەیەك بۆ ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو و لەبارە بۆ باخداری و کشتوکاڵ ( القزويني، د.س.ط،ل٣٩٨).

لەلایەکیتر هەبوونی چیا و لەوەڕگاکان( إبن حوقل، ١٩٣٨م، ج١، ل٢٢٥)، بۆ بە خێوکردنی مەڕو و ماڵات، ڕێگە خۆشکەر بوون، بە تایبەتیش ئەوکات لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئاژەڵداری سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری بووە، کە لە بەرهەمەکانیانی شیر، پەنیر، ماست، گۆشت و تەنانەت پێستەکەشی فرۆشراوە یاخود بە پێداویستی تر ئاڵوگۆڕی پێ کراوە ( المقديسي، ١٩٩١، ل٣٨٤). دەوڵەمەندی شارەزوور لە ڕووی ئابووری لە لایەک، ستراتیژی و پێگەی شارەزوور لە لایەکی ترەوە، وایکردبوو، کە چەندین ڕێگەی بازرگانی گرنگ، بەو ناوچەیەدا تێپەڕبن، ئەمانەش شارەزووریان بە چەندین ناوچە و شاری دەوڵەمەند گرێدابوو، بۆ نمونە ڕیگەی (شارەزوور _ دینەوەر) یەکێک بووە لە ڕێگە بازرگانییە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، کە(١٥٠کم)ماوەی نێوانیان بووە، هەروەها ڕیگەی حلوان بە ئاراستەی خۆرئاوا، گەیشتۆتەوە شارەزوور، کە ئەمەشیان ڕیگەیەکی گرنگی بازرگانی بووەو ماوەی نێوانیان (٧٥کم)بووە، ڕێگەی نێوان قەسری شیرین و شارەزوور ڕیگەی بەیەکەوە بەستنی شارزوور بە ناوچە گرنگەکان بووە ( الاصطخري، ٢٠٠٤م، ل٧٩، ١٩٧؛ ياقوت الحموي، ج٢، ل٣٦١ ؛ اليعقوبي، ج١، ل٧٧؛ أبو الفداء، د.س.ط، ل٤٠٩). دەوڵەمەندی شارەزوور بۆتە مایەی چاوتێبڕینی هێزە شەڕکەرەکان، کە ڕوویان لە جیهانی ئیسلامی کردبوو، هەروەک لە پێشتر ئاماژەمان پێ دا، بەهۆی خێروبێرەکەیەوە، شارەزووری وەک دیاری لە نێوان سەرکردە و سەرۆک هۆزەکاندا دەستاودەست پێکردووە (

ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج٧، ل ٢١٠).

دوا بە دوای پەلامار و کاولکاری مەغۆل بۆ سەر رۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، پرشکی ئەو هێرشانە بەر ناوچەی شارەزوور کەوتووە (ابن الفوطی، ١٣٢٦، ل ٤٨-٥٠). دانیشتوانەکەی، کە پێشتر بژێوی ژیانیان بەرزبووە ( العمری، ج٣، ١٤٢٣هـ، ل٢٦١)، سەرچاوەی داهاتەکەیان لەدەست داوە، جگە لە کوژران و لە ناوچوون، بە شێکی زۆریان ئاوارە و دەربەدەری ناوچەکانی ووڵاتی شام بوون ( إبن العمید، دون سنة الطبع، ل٤٦). بیناکانیان رِوخێندراون و سەروەت و سامانیان لە لایەن مەغۆلەکانەوە بە تاڵان براوە( إبن فوطی، ١٣٢٦قمری، ل٢٠١-٢٠٢). بۆیە دوو رِەگەزی گرنگی ئابووری ناوچەکە گورزێکی کەمەرشکێنی بەرکەوتووە، کە دوو کۆڵەگەی سەرەکی ئابووری بوون. ئەمە سەرباری ئەوەی بازرگانان بەهۆی ترس و تۆقینی مەغۆلەکان کە لە ناوچەکە دروستیان کردبوو (ابن الفوطی، ١٣٢٦قمری، ل٤٨-٥١)، لە پێناو سەلامەتی گیانیان وازیان لە کارەکەیان هێناوە و بەرەو ناوچە ئارامەکان رِایانکردووە. هەرچەندە سەرچاوەی تایبەتمەند و رِەسەن لە بەردەستی ئێمەدا نییە، کە باس لە بارودۆخی ئابووری ناوچەکە لە کاتی شاڵاوی مەغۆل و ئاوارەبوونیان بکات، بەڵام ئەوەی کە نکرڵی لێناکرێت ئەوەیە مەغۆلەکان رِوویان لەهەر ناچەیەک دەکرد، تاڵانی و وێرانکاری گەورەیان بەرپاکردووە. سەرچاوەکان ئەوە پشترِاست دەکەنەوە کە هێرشی مەغۆل کاریگەری خراپی لەسەر دۆخی ئابووری هەبووە (الیونینی، ١٩٦٠، ج١، ل٣٧٦، ٤٣٦؛ الذهبي، تاريخ الاسلام، ج١٣، ٢٠٠٣، ص٦٥٨). بۆیە وەختێك گرانی و قاتوقرِی رِووی لەزۆرێك لە ناوچەکانی کوردستان کردوە لەدوای شاڵاوی مەغۆل خەڵکی نەیانتوانیووە بژێوی رِۆژانەیان وەدەست بخەن، لەبەر نەبوونی و هەژاری پەنایان بۆ فرۆشتنی منداڵەکانیان بردووە (ابن الوردی، ١٩٩٦، ج٢، ل٢٥٨). لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین شارەزووریش وەك هەرناوچەیەکی دیکە بێبەش نەبووە لە نەهامەتیە ئابوورییەکان.

لەلایەکی تریش کۆچکردنی هەزاران کەس لە شارەزوورییەکان( إبن العمید، د.س.ط، ل٤٦؛ العینی، ٢٠١٠ ج٣، ل١٨٠؛ المقریزی، ١٩٩٧، ج١، ل٥٠٠)، بەڵگەی نەمانی جوتیار و دەستی کار و شوانکارەییە لە ناوچەکە، لەبەر ئەوەی بەرووبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریش بۆ بەرهەمهێنانی ساڵانە پێویستی بە مرۆڤ بووە.

دوابەدوای کۆچکردنی شارەزوورییەکان و نیشتەجێ بوونیان لە ووڵاتی شام لە سەرەتادا، رِوو بەرِووی دۆخێکی ئابووری سەخت بوونەوە، چونکە بەڵگە نەویستە بە شێکی زۆری شارەزوورییەکان لە کاتی ئاوارە بوونیان سەرچاوەی ئابوری خۆیان لەدەست داوە، کە خۆی لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا بینیوەتەوە، تەنانەت بە هۆی توندی و خێرایی پەلامارەکانی مەغۆل و لەناوبردنی بەروبوومە ئابوورییەکان لە زۆرێك لەناوچەکانی کوردستان (ابن الاثیر، ١٩٩٧، ج١٠، ل٤٤٩-٤٥٠؛ الدیاربکری، دون سنة، مج٢، ل٣٧١)، نەیانتوانیوە پێداویستیەکانی ژیانیان لەگەڵ خۆیان ببەن، بۆیە لە ژینگەیەکی تەواو جیاواز و دوور لە ناوچەکەیان، رِوبەرِووی دۆخێک بوونەتەوە، کە بە ناچاری و بەبێ ویستی خۆیان بەمەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیانیان، لە سوپای ئەیوبی و مەمالیک بوونەتە سەرباز (المقریزی، ١٩٩٧، ج١، ل٥٠٠).

کەواتە دۆخی ئابوری شارەزوورییەکان لە قۆناغی بەر لەشاڵاوی مەغۆل، تارادەیەك جێگیربووە، کە خەریکی شوانکارەیی و کشتوکاڵکردن بوون (مهلهل، دون سنة، ل٥٨). لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەو رِێگا بازرگانیانەی شارەزووریان بەناوچەکانی دیکەوە گرێدابوو، جوڵەیەکی ئابوری سنورداری دروستکردبوو، کە لەو رِێگەیەوە شارەزوورییەکان توانیویانە پێداویستییەکانی خۆیان دابینبکەن و بەرهەمی نێوخۆیی ناوچەکەش بنێرن بۆ دەرەوەی شارەزوور ( الاصطخری، ٢٠٠٤م، ل٧٩، ١٩٧؛ یاقوت الحموی، ج٢، ل٣٦١؛ الیعقوبی، ج١، ل٧٧: أبو الفداء، د.س.ط، ل٤٠٩). وەلێ دوای سەپاندنی دەسەڵاتی مەغۆل بەسەر جیهانی خەلافەتی ئیسلامی و شارەزووریش وەك ناوچەیەك لەسنوری ئەم خەلافەتە دووچاری ئاڵنگاری ئابووری هاتووە، بەهۆی باجە زۆر و جۆراوجۆرەکان لەلایەک (ابن العبری، ١٩٩٢، ل٢٦٢؛ خصباك، ١٩٦٨، ل١١١)، لەلایەکیتر باجی بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی (یاسین، ١٩٧٨، ل٢٨٥-٢٨٦، ٣٢٦-٣٥١). کە بۆچوونی توێژەرێك خەڵکی نەیانتوانیووە پێداویستیەکانی خۆیان وەك پێویست بکرِن (رەسوڵ، ٢٠١٣، ل٢٤٦). دوای کۆچکردنیشیان بۆ وڵاتی شام، شارەزوورییەکان لەقۆناغی سەرەتادا رِووبەرِووی دۆخێکی سەختی ئابووری بوونەوە. لەبەرئەوەی لەکاتی ئاوەرەبوونیان سەرباری ئەوەی نەیانتوانیبوو هیچ شتێك لەگەڵخۆیان ببەن لەلایەن، چونکە ماڵ و حاڵیان لەلایەن مەغۆلەکانەوە سوتاوە و تاڵانکراوە (الذهبي، تاريـخ الاسلام، ٢٠٠٣،ج١٣، ل٦٥٨)، لە شامیش رِووبەرِووی دۆخیکی نوێ و جیاواز بوونەوە کە ماوەیەکی زۆری پێچوو تا لەگەڵ دۆخەکە خۆیان گونجاندووە. دوای مانەوەیان و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ خەڵکی

ژینگەی تازە، هەندێکیان توانیویانە لە دام و دەزگا سەربازی (المقریزی، ١٩٩٧، ج١، ل٥٠٠) و هەندێکیتریان لە دەزگا زانستییەکان ببن بە کەسایەتیی دیار و بەناوبانگ ( بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێگە ورۆڵی شارەزوورییەکان لە وڵاتی میسر و شام، بڕوانە: حسن، ١٩٩٨، ل١٢٨-١٥٤).

## باسی سێیەم: لایەنی زانستی ناوچەی شارەزوور و ڕۆڵی شارەزوورییەکان لە کایەی زانستیدا

شارەزوریەکان لە کایەی زانستدا ناوێکی دیار و خامە ڕەنگین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەلێ ناوەندی فێربون و گەشەی زانستی زانا شارەزوورییەکان لە خودی ناوچەی شارەزوور کەمتر بۆتە بابەتی نووسین لەلای مێژوو نوسان. بێگومان ئەمەش دەمانخاتە دوریانێکی ناڕوون، کە چۆن دەکرێ بە دەیان و زیاتریش لە زانای شارەزووری لە ( موسل، هەولێر، شام و مصر) بوونیان هەبووبێت، بەڵام ناوەندی فێربوونیان لە قۆناغەکانی سەرەتایدا وون و نەکەوتبێتە بەر باس و خواسی مێژوونووسان. هەر چەندە سروشتیە بۆ سەردەمانێک، کە شەڕ و ئاژاوە و نائارامی ناوچەی شارەزووری تەنیوە و بەو هۆیەوە ژیانی زانستی کەمتر دەربکەوێت، لەبەرئەوەی لە دۆخێکی وەهای ناوچەیەکدا مێژوو نوسان زیاتر تەرکیزی نوسینیان لەسەر تۆمارکردنی ڕووداوە سیاسی و جەنگیەکان بووە، نەوەک ژیانی زانستی و زانایان. لەلایەکیتر ئەگەر ئەوەش لەبەرچاوبگرین شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو مێژوونووسانەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیان تۆمارکردووە، دووربووە لە ناوەندی شارەزوور.

بۆیە نە بوونی دەق ڕوون و یەکلاکەرەوە، بە واتای ئەوە نایە، کە ناوچەی شارەزوور لە چالاکی ڕۆشنبیری و زانستی خاڵی بوبێت، بەبەڵگەی ئەوەی سەردانیکردنی زاناو ئەدیبان بۆ ناوچەکەو مانەوەیان بۆ ماوەیەک ڕاستی ئەمە دەسەلمێنێت. بە نمونە شاعیری ناودار (موفق الدین الأربلی)، سەردانی شارەزووری کردووە و لە وێ ماوەیەک ماوەتەوە و پاشان چووەتە دیمەشق ( أبو الفداء، د.س.ط، ج٣، ل٧٧ ؛ سبط إبن لاجوزی،١٩٩٧م، ج٣، ل٣٢٧). ئەمەش بەڵگەی ئاڵوگۆڕی زانستیە، کە لەو سەدەمەدا باوبووە. سەربارى ئەوەی لەسەرچاوەکاندا ناوی چەندین زانای شارەزووری هاتووە کە ئاماژەن بۆ چلاکی زانستی لەو ناچەیەدا. بۆنمونە (أبو الثناء الشهرزوری)، کە ناوی (محمود بن حسین بن أبو الفوارس)، لە (الطاقان)ی ناوچەی شارەزوور لەدایکبووەو پاشان ڕووی کردووەتە شام و لە ناوچەی (کفرطاب) بووەتە دادوەر ( الذهبی، ١٩٩٣، ج٤٧، ل٤٠٤). هەروەها (محمد کوڕی قاسمی شارەزووری) لە هەولێر لەدایکبووە، ساڵی لەدایکبوونی دیاریکراو نییە، هەیە پێیوایە لە ساڵی( ٤٥٣هـ|١٠٦١ز) و بۆچوونی دیکەش پێیوایە لە ( ٤٥٤ک/١٠٦٢ز)لەدایکبووە ( إبن الجوزی،١٩٩٢، ج١، ل٢٦٨؛ السمعانی، ١٩٦٢، ج٢، ل٢١٧؛ السبکی، ١٤١٣هـ، ج٦، ل١٧٤) . دوای پێگەیشتنی بە مەبەستی زانست ڕووی کردۆتە بە غدا و شارەزوور و ناوچەکانی دیکە ( السبکی، ١٤١٣هـ، ج٦، ل١٧٤-١٧٥؛ حسن، ١٩٩٨، ل٤٥). (محمد کوڕی علی حسن) ناسراو بە (إبن أحمد أبو مظفر الشهرزوری)، لە ساڵی(٤٩٧ک/١١٠٣ز) لەدایکبووە، یەکێک بووە لە خوازیاران و شەیدایانی زانست، لە سەرچاوەکاندا، باس کراوە بە بەرزی ئاستی زانستی و خۆشەویستی بۆگەڕان بە دوای زانستەکاندا، شارەزایی لە زانستە دینیەکان و ژمێریاریدا ( إبن الاثیر، دون سنة الطبع، ج٢، ل٢١٦)، پاشان چۆتە ناوچەیەک بەناوی ( مولل) و ناوچەکانی دیکە ( إبن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٠، ل١٦٣). هەر چەندە سەرچاوەکان ئاماژەی بە شوێنی نیشتەجێبوونی نەکردووە، بەڵام دوور نییە لە ناوچەی شارەزوور بوبێت و لە وێوە بە دوای زانست و زانیاریدا گەڕابێت. لە لایەکی تریش ( یاقوت الحموی) ئاماژە دەکات کە ڕێژەیەکی زۆر لە کەسانی دیار لە قازی و زانا ئاینییەکان لە ناوچەی شارەزوور دەرکەوتوون، کە لە ژمارە نایەن ( یاقوت الحموی، ١٩٩٤، ج٣، ل٣٤١).

کەچی دۆخەکە تەواو پێچەوانەیە دوای ئاوارەبونیان بۆ (شام و مصر)، بەهۆی ئەوەی ئەوانەی باسی ڕۆڵی زانستی ئەو دوو ناوچانەیان کردووە و نزیکبوون لە ڕووداوەکان، لە لایەکیترەوە شارەزوورییەکان بەهۆی ئارامی و ڕەخساندنی دەرفەتی زانستی، توانا زانستیەکانیان دەرکەوتووە. شارەزوورییەکان لە هەردوو قۆناغەکەدا لە لاپەڕکانی مێژوو ڕۆڵ و پێگەیان بە گرنگییەوە دیاریکراوە. بە نمونە، ( محمد بن محمود الشهرزوری)، ناسراو بە (شمس الدین الشهرزوری)، (م٦٨٧ک/١٢٨٨ز)، لە گوندێکی شارەزوور لەدایکبووە، پاشان ڕووی کردۆتە وڵاتی شام، لە بواری زانستی و فەلسەفیدا گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز و خاوەنی چەندین کتێب بووە، لەوانە ( نزهة الأرواح و روضة الأفراح فی تاریخ الحکماء و الفلاسفة، الشجة الالهیة فی علو م الحقائق الربانیة، الرموز والأمثا الالهیة فی الأنوار المجودة، مدینة الحکماء ،التنقیحات) ( شمس الدین الشهرزوری، ١٩٧٦، ل و-ی) . (محمد بن علی بن محمود) ناسراو بە ( أبو عبدالله صلاح الدین الشهرزوری م: ٦٨١ک/١٢٨٢ز) یەکێکی دیکەیە لە زاناکانی

شارەزوور، لە خوێندنگەی قەیموریە لە دیمەشق مامۆستا بووە، چاودێری زانستە ئاینییەکانیس بووە ( الیونینی، ١٩٩٢، ج٤، ل١٧٥).

بە پشت بەستن بەو زانیاریانەی سەرەوە، دوای ئاوارەبوونی کوردانی شارەزوور بۆ شام و مصر، کە لەو سەردەمەدا دوو ناوچەی ئارام بوون، بە سەدان زانا و ناوداری کورد لەو ناوچانەدا بەرچاو دەکەون ( بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (حسن، ٢٠٠٩، ل٣٣-٧٩). لە کاتێکدا مێژوونووسان لە قۆناغی بەر لە کۆچی شارەزووریەکان کەمتر ئاماژەیان بەڕۆڵ وپێگەی کوردە شارەزوریەکان لە بواری زانستی و فێرکردندا کردووە. ڕەنگە هۆکاری کەمی زانیاری، بەراورد بە دوای ئاوارەبوونیان، ئەوە بووە کە مێژوونووسانی ئەوکاتە لە قۆناغی یەکەمدا ناوچەی نیشتە جێبوونیان لە شارەزوور دوربووە، هەروەها سەرنجی زیاتریان لەسەر ئەو ڕوداوانە بووە، کە سیاسی و جەنگ و ناکۆکی بوون. کەچی دۆخەکە تارادەیەك جیاواز دەردەکەوێت لەدوای نیشتەجێبوونی شارەزوورییەکان لە شام، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی یەکەمیان، ئەوانەی مێژووی ئەو سەردەمەیان تۆمارکردووە، خۆیان لە وڵاتی میسر و شام نیشتەجێبوون و لەناو ڕووداوەکاندا ژیاون. دووەمیان شارەزوورییەکان لە ناوچەیەکی جەنجاڵ و پڕ لەجموجۆڵی زانستی، دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە کە تواناکانیان وەدەربخەن. لەکاتێکدا لە قۆناغی یەکەم دەرفەتی کەمتر و لاوازتریان لەبەردەمدابوو. بۆیە سەرنجدەدرێت شارەزوورییەکان لەو قۆناغەدا ڕۆڵ و پێگەیان دیار و بەرچاوترە لەبواری زانستی و ڕۆشنبیریدا.

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە شارەزوور پێگەیەکی گرنگی لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی و دەوڵەمەندی لەبواری ئابووری هەبووە. بۆیە بەدرێژایی سەردەمی ئومەوییەکان و بەشێك لەسەردەمی عەباسی، بووەتە ناوچەی ململانێی هێزە ناکۆکەکان، لەدەرئەنجامدا زیانی ماڵی و گیانی بەر خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە کەوتووە.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شارەزوور زۆرینەی ڕەهای لە هۆزە کوردییەکان پێکهاتووە، بەڵام دوای فتوحاتی ئیسلامی و جێگیربوونی هەندێك لە فاتیحیەکان لەلایەك، هاتن و مانەوەی خەوارجەکان بۆ شارەزوو و جێگیربوونی تورکمانەکان دوای باڵادەستی ئەتابگەکان، ڕەگەزی ناکوردی لەناوچەکە زیادی کردووە. لەهەندێك سەردەمیشدا بوونەتە سەرچاوەی کێشە و بەڵا بۆ خەڵکە ڕەسەنەکەی. سەبارەت بەڕەوشی کۆمەڵایەتی شارەزوورییەکان لەدوای ئاوارەبوونیان، بێگومان ڕووبەڕووی دۆخێکی کۆمەڵایەتی سەخت بوونەتەوە لە قۆناغی سەرەتادا، بەڵام دوای مانەوەیان بۆماوەیەك، توانیویانە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بەبەرزی و شکۆمەندیەوە بۆ خەڵکی شام وەدەربخەن.

ئابوری ناوچەی شارەزوور لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری هەڵچنرابوو. بەهۆی پێگە گرنگەکەی، چەندین ڕێگەی بازرگانی گرنگ بەوناوچەیە تێپەڕیووە کە بووەتە هۆی سەرچاوەی داهات و خێروبێر بۆ خەڵکەکەی. دوابەدوای ئاوەربوونیان، شارەزوورییەکان ڕەگەزەکانی ژیانی ئابوری خۆیان لە نیشتمانی یەکەم بەتەواوی لەدەست داوە و ڕووبەڕووی نارەحەتی و دەردەسەری سەخت و گران بوونەتەوە. ئەو دۆخە تاسەر بەردەوام نەبووە، چونکە توانیان بۆماوەیەکی کەم لە دامودەزگا سەربازی و فێرکارییەکاندا جێگەی خۆیان بکەنەوە و سەرچاوەی داهاتیشیان بەرزبکەنەوە.

ڕەوشی زانستی شارەزوور لە قۆناغی یەکەمدا نادیار و نارِوونە لەسەرچاوەکانی مێژوویی. هۆکاری ئەو لێڵی و ناڕوونییە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شارەزوور بەزۆری ناوچەی شەڕ و نائارامی بووە. بۆیە مێژوونووسان بەهۆی دووری شوێنی نیشتەجێبوونیان لە شارەزوور، ئەو زانیاریانەی کە تۆماریانکردووە، تایبەتبوون بە لایەنی سیاسی و شەڕ و ڕووداوە جەنگییەکان. کەچی لە وڵاتی میسر و شام پێگە و ڕۆڵی شارەزوورییەکان لەسەرچاوە مێژوویەکان بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت. بەهۆی ئەوەی کە دۆخی ژیانیان ئارامتربووە و مێژوونووسەکانیش بەئاسانی توانیویانە زانیاری لەسەریان کۆبکەنەوە و لەچوارچێوەی ڕووداوەکانی ئەو ناوچەیە تۆماری بکەن.

## سەرچاوەكان:

### سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:

١.إبن الاثير، عز الدين أبي الحسن بن محمد الجزرى. (١٩٩٧). الكامل في التاريخ. بيروت. دار الكتاب العربى.

٢.إبن الاثير، عز الدين أبي الحسن بن محمد الجزرى. (دون سنة الطبع). الباب فى تهذيب الأنساب. بغداد. مكتبة المثنى.

٣. إبن الاثير، عز الدين أبي الحسن بن محمد الجزرى. (دون سنة الطبع) تاريخ الباهر في الدولة الأتابكية. القاهرة. دار الكتاب الحديث.

٤. البلاذرى ،أحمد بن يحيى بن جابر بن داود. (١٩٨٨). فتوح البلدان.بيروت. دار ومكتبة هلال.

٥.إبن الجوزى ،أبو الفرج عبدالرحمن بن على. (١٩٩٢). المنتظم فى تاريخ الملوک والامم. بيروت. دار الكتب العلمية.

٦.إبن حوقل ، محمد بن حوقل البغدادي الموصلي. (١٩٣٨). صورة الأرض. بيروت. دار الصادر.

٧.إبن خرداذية ،أبو القاسم عبيد الله بن عبدالله المعروف بإبن خرداذية. (١٨٨٩). المسالک والممالک. بيروت. دار الصدر.

٨.خليفة بن خياط ، أبو عمرو خليفة بن خياط بن خليفة الشيباني العصفري البصري. (١٣٩٧هـ). تاريخ خليفة بن خياط. بيروت. دار القلم.

٩.الدياربكرى، حسين بن محمد بن حسين.(دون سنة الطبع). تاريخ الخميس فى احوال أنفس النفيس. بيروت. دار صادر.

١٠.الذهبى ، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عيمان بن قايماز الذهبى. (١٩٩٣). تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والاعلام. بيروت. دار الكتاب العربي.

١١.لسمعاني ، عبد الكريم بن محمد بن منصور التميمي السمعاني المروزي. (١٩٦٢). الانساب. حيدر اباد. مجلس دائرة المعارف العثمانية.

١٢.السبكي، تاج الدين عبد الوهاب بن تقي الدين. (١٩٩٣). طبقات الشافعية الكبرى. (ط٢). القاهرة. هجر للطباعة والنشر والتوزيع.

١٣.الاصطخرى ،أبو إسحاق إبراهيم بن محمد الفاسى. (٢٠٠٤). المسالک والممالک، دار الصادر. بيروت.

١٤.سبط إبن الجوزي: شمس الدين أبي المظفر يوسف بن قزاوغلي. (١٩٨٧). مرآة الزمان في تواريخ الأعيان. السعودية. مركز احياء تراث الاسلامي.

١٥.الأسدى،سيف بن عمر الأسدى التميمى. (١٩٩٣). الفتنة و وقعة الجمل. بيروت. دار النفائس.

١٦. الشهرزورى، شمس الدين. (١٩٧٦). نزهة الأرواح، و روضة الأرواح في تاريخ الحكماء والفلاسفة. الهند. المطبعة مجلس دائرة المعارف الإسلامية.

١٧.إبن شداد ، يوسف بن رافع بن تميم بن عتبة الأسدى.(١٩٩٤). النوادر السلطانية، والمحاسن اليوسفية. (ط٢). القاهرة. مكتبة الخانجي.

١٨. إبن شداد ، يوسف بن رافع بن تميم بن عتبة الأسدى. ( ١٩٨٣). تاريخ الملك الظاهر. بيروت. دار النشر فرانز شتايز.

١٩.البغدادي، صفى الدين عبدالمؤمن بن عبدالحق. (١٤١٢هـ). مراصد الإطلاع على أسماء الاماكنة والبقاء. بيروت. دار الجيل.

٢٠.الأصفهانى، عماد الدين أبو حامد محمد بن محمد. (٢٠١٠). البستان الجامع لجميع لتواريخ أهل الزمان. بيروت. المكتبة العصرية للطباعة والنشر.

٢١. الطبرى، محمد بن جرير. (١٤٠٧هـ). تاريخ الأمم والملوک. بيروت. دار الكتاب العلمية.

٢٢. ابن العبرى، ابى فرج جمال الدين.(١٩٩٢). تاريخ مختصر الدول. ( ط٣). بيروت. دار الشرق.

٢٣.العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيي بن فضل الله. (٢٠٠١). مسالك الأبصار في ممالك الأمصار. ابو ظبي. المجمع الثقافي.

٢٤.إبن العميد، مكين جرجيس بن العميد. (دون سنة الطبع). أخبار الأيوبيين. الاسكندرية. المكتبة الثقافة الدينية

٢٥. العينى، بدر الدين محمود. (٢٠١٠). عقد الجمان فى تاريخ اهل الزمان. القاهرة. دار الكتاب والوثائق القومية.

٢٦.إبن فوطي، كمال الدين أبو الفضل عبد الرزاق بن أحمد الشيباني. (١٣٢٦ قمري).كتاب الحوادث. ايران. المطبعة الشريعة.

٢٧.أبو الفداء، عماد الدين إسماعيل. (دون سنة الطبع). تقويم البلدان. بيروت. دار الصادر.

٢٨. أبو الفداء، عماد الدين إسماعيل. (دون سنة الطبع). المختصر في أخبار البشر. المطبعة الحسينية المصرية

٢٩.القزويني، زكريا بن محمد بن محمود. (دون سنة الطبع).آثار البلاد وأخبار العباد. بيروت. دار الصادر.

٣٠.المقدسي، ابوعبدالله شمس الدين محمد البشاري. (١٩٩١). أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم. ( ط٣). بيروت. دار صادر.

٣١. مهلهل، مسعر بن. ( دون سنة الطبع). الرسالة الثانية لأبى دلف. القاهرة. عالم الكتب.

٣٢.المقريزى، أحمد بن على بن عبد القادر. (١٩٩٧).السلوک لمعرفة دول الملوک. بيروت. دار الكتاب العلميّة.

٣٣.تاريخ دولة الأكراد والأتراك. ( ٢٠٢٠). دهوك. مطبعة جامعة دهوك.

٣٤.مسكوية، أبو على أحمد بن محمد بن يعقوب. (٢٠٠٠). تجارب الأمم وتعاقب الهمم. (ط٢). طهران. مطبعة السروش.

٣٥.الهمذانى، محمد بن عبدالملک. (١٩٥٨).تكملة تاريخ الطبرى. بيروت. المطبعة الكاثولكية.

٣٦.ابن الوردى، زين الدين عمر بن مظفر. (١٩٩٦).تاريخ ابن الوردى. بيروت. دار الكتب العلمية.

٣٧.ياقوت الحموى، شهاب الدبن أبو عبدالله رومى. (١٩٩٥). معجم البلدان. ( ط٢). بيروت. دار الصادر.

٣٨.اليونيني، قطب الدين أبو لافتح موسى بن محمد. (١٩٩٢). ذيل مرأة الزمان. ( ط٢). القاهرة. دار الكتب الإسلامية.

**ليستى ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی:**

٣٩. حسن، قادر محمد. ( ٢٠٠٩). اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية. اربيل. مطبعة الحاج هاشم.

٤٠.محى الدين، عطا عبدالرحمن. ( ٢٠٠٧). حركات الخوارج في بلاد الكرد و ماجاورها(٤١_٢١٨هـ/٦٦١_-٨٣٣م). السليمانية. مطبعة شڤان.

٤١.خصباك، جعفر حسين. ( ١٩٦٨). العراق فى العهد المغول الالخانين(٦٥٦-٧٣٦هـ/١٢٥٨-١٣٣٥م، الفتح الادارة الاحوال الاقتصادية الاجتماعية. بغداد. مطبعة العانى.

٤٢.لغاسانى، إسماعيل بن عباس الغاسانى. (١٩٧٥).العسجد المسبوک والجوهر المسكول والجوهر المحكوک في الطبقات الخلفاء والملوک. بغداد. دار البيان.

ليستى ژێدەرەکان بە زمانی کوردی:

٤٣.دەشتی، تارا محمد. ( بێ ساڵی چاپ). کوردو ناوچە کورد نشینەکان لە کتێبی معج البلدانی یاقو ت الحموی. هەولیر. چاپخانەی تەفسیر.

٤٤.رسول، رسول ابراهيم. ( ٢٠١٣). کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانییەکان بۆ سەر کوردستان. سلیمانی. چاپخانەی لەریا.

٤٥.تۆفیق، زرارصدیق. ( ٢٠١٣).کوردو کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا. هە،لێر. چاپخانەی رۆژهەڵات. ٤٦.نەقشبەندی، حسام الدين علي غالب. ( ٢٠٠٨). شارەزوور و لورستانی باکور لە سەدەکانی ناوەڕاست دا. ( وەرگێڕانی محمد، رەنج ئەبوبەکر). سلێمانی. چاپخانەی حەمدی.

**لستی دکتورا و ماستەر نامەکان:**

٤٧.حسن، درويش يوسف. ( ١٩٩٨). الاسرة الشهرزورية ودورها السياسي والحضاري ( ٤٨٩-٦٣٠هـ/١٠٩٥-١٢٣٢م). رسالة ماجستير غير منشورة. قسم التاريخ، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين: العراق.

٤٨.ياسين، عبد على: ( ١٩٨٧). العراق فى عهد المغول الالخانين(٦٥٦-٧٣٦هـ). رسالة دكتوراه مقدمة. الى كلية اللغة العربية، جاعة الازهر: مصر.